**المحتل بوصفه رمزا في رواية «احتلال الظلام»**

**أ.م.د. شنو أحمد غفور**
shnoahmed@uokirkuk.edu.iq
**قسم اللغة الكوردية / كلية التربية للعلوم الإنسانية / جامعة كركوك**

**الكلمات المفتاحية**: الرمز ، المحتل، السيميائية، احتلال الظلام

**كيفية اقتباس البحث**

غفور , شنو أحمد , المحتل بوصفه رمزا في رواية «احتلال الظلام» ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦ ,المجلد:١٦ ,العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered** مسجلة في
**ROAD**

**Indexed** مفهرسة في
**IASJ**

# The Occupier as a Symbol in the Novel “The Occupation of Darkness”

**Asst. Prof. Dr. Shno Ahmed Ghafour**
shnoahmed@uokirkuk.edu.iq
**Department of Kurdish Language / College of Education for Human Sciences / University of Kirkuk**

**Keywords** : Symbol, Occupier, Semiotics, The Occupation of Darkness

**How To Cite This Article**
Ghafour , Shno Ahmed , The Occupier as a Symbol in the Novel “The Occupation of Darkness” ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**الملخص**
تهدف هذه الدراسة إلى تحليل رمزية المحتل في رواية «احتلال الظلام» للروائي بختيار علي، وتسعى إلى تحديد الأساليب الفنية والرمزية التي وظفها الكاتب في بناء صورة المحتل وتصوير آثاره في الفرد والمجتمع. وتعتمد الدراسة المنهج الوصفي . التحليلي، وترتكز على مبادئ المنهج السيميائي في قراءة الرموز، ومن بعض مبادئ المنظور النفسي عند الحاجة. ويتضح من تحليل النص أن المحتل لم يقدم بوصفه مجرد عدو خارجي أو قوة عسكرية، بل تجسد من خلال تسعة رموز هي: الوحش، والظلام، والمرض، والنظام، والذات الداخلية، والتكنولوجيا، والقيد والسجن، والمراقبة المستمرة، والموت والدم. ويكشف كل رمز من هذه الرموز عن بعد خاص من أبعاد الاحتلال، ومنها القمع، ومحو الهوية، وحظر اللغة، والعنف، والخوف، والعجز. كما تظهر الدراسة أن هذه الدوال تشكل نسقا علاميا متكاملا، وأن الاحتلال يترك آثارا نفسية واجتماعية واقتصادية وثقافية عميقة في الشخصيات وفي حياة المجتمع.

تعتمد هذه الدراسة على منهج تحليلي قائم على المديح: حيث يتم تحديد النصوص الرمزية في الرواية ووصفها ثم تحليلها. ولتحليل الرموز، تستخدم الدراسة مبادئ علم العلامات، ولا سيما التمييز بين الدلالة والمدلول (سوسر)، وأنواع العلامات عند بيرس (الأيقونة، والمؤشر، والرمز)، والتمييز بين المعنى المباشر وغير المباشر ومفهوم الأسطورة (بارث). وعند الاقتضاء، تُستخدم أيضًا مبادئ المنظور النفسي لتحليل آثار الاحتلال على الشخصيات والمجتمع.

**Abstract**
This study analyzes the symbolism of the occupier in Bakhtiyar Ali’s novel The Occupation of Darkness and seeks to identify the artistic and symbolic

techniques through which the author constructs the image of the occupier and portrays its effects on the individual and society. The study adopts the descriptive-analytical approach, employs the principles of semiotics (semiology) in reading the symbols, and draws, where necessary, upon certain principles of the psychological perspective. The analysis reveals that the occupier is not presented merely as an external enemy or a military force; rather, it is embodied through nine symbols: the beast, darkness, disease, the system, the self, technology, chains and imprisonment, continuous surveillance, and death and blood. Each symbol reveals a particular dimension of occupation, including repression, the erasure of identity, the prohibition of language, violence, fear, and powerlessness. The study also shows that these signifiers form a unified sign system, and that occupation has profound psychological, social, economic, and cultural effects on the characters and on the life of society.
This study relies on a praise-analytic approach: the symbolic texts of the novel are identified, described and then analyzed. To analyze symbols, the study uses the principles of semiology, especially the distinction between dal and madlul (Susser), Perce's types of signs (icon, index, symbol), and the distinction between direct and indirect meaning and the concept of myth (Barth). Where relevant, principles of psychological perspective are also used to analyze the effects of occupation on characters and society.

## داگیرکەر وەک هێما لە ڕۆمانی «داگیرکردنی تاریکی»دا

أ.م.د. شنو احمد غفور
قسم اللغة الكوردية / كلية التربية للعلوم الأنسانية / جامعة كركوك

### پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی شیکردنەوەی هێمای داگیرکەر لە ڕۆمانی «داگیرکردنی تاریکی»ی بەختیار عەلی ئەنجامدراوە و هەوڵدەدات ئەو شێواز و هێما هونەرییانە دەستنیشان بکات، کە نووسەر لە ڕێگەیانەوە وێنەی داگیرکەر و کاریگەرییەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگە دروست کردووە. توێژینەوەکە پشت بە ڕێبازی پەسنی . شیکاری دەبەستێت و لە شیکردنەوەی هێماکاندا سوود لە بنەماکانی نیشانەناسی (سیمۆلۆژی) وەردەگرێت، هەروەها لە شوێنی پێویستدا لە هەندێک بنەمای ڕوانگەی دەروونیش کەڵک وەردەگرێت. لە شیکردنەوەی دەقەکەدا دەردەکەوێت کە داگیرکەر تەنیا وەک دوژمنێکی دەرەکی یان هێزێکی سەربازی نیشان نەدراوە، بەڵکو بە نۆ هێما بەرجەستە کراوە: دڕندە، تاریکی، نەخۆشی، سیستەم، خود (ناخی تاک)، تەکنۆلۆژیا، زنجیر و زیندان، چاودێریی بەردەوام، مەرگ و خوێن. هەر یەکێک لەم هێمایانە ڕەهەندێکی تایبەتی داگیرکەری دەخاتەڕوو،لەوانە: سەرکوتکردن، سڕینەوەی ناسنامە، قەدەغەکردنی زمان، توندوتیژی، ترس و بێدەسەڵاتی. هەروەها توێژینەوەکە ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەم دالە هێماییانە سیستەمێکی نیشانەیی یەکگرتوو پێکدەهێنن و داگیرکەری کاریگەرییەکی قووڵی دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتووری لەسەر کارەکتەرەکان و ژیانی کۆمەڵگە هەیە.

**وشە سەرەکییەکان:** هێما، داگیرکەر، نیشانەناسی، داگیرکردنی تاریکی

**١- پێشەکی**

ڕۆمانی کوردی وەک یەکێک لە گرنگترین ژانرە ئەدەبییەکان، لە ماوەی گەشە و پەرەسەندنی خۆیدا توانیویەتی بە شێوەیەکی جیاواز ڕووداو و گۆڕانکارییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی ژیانی گەلی کورد لەخۆبگرێت. لە نێو ئەو بابەتانەی، کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە ڕۆمانی کوردیدا ڕەنگیانداوەتەوە، بابەتی داگیرکەری و ژێردەستەییە، چونکە ئەزموونی داگیرکەری بەشێکی گرنگ لە مێژووی نوێی گەلی کورد پێکدەهێنێت و کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگە و ناسنامەی نەتەوەیی هەبووە. بۆیە ئەم ئەزموونە لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا، بە تایبەتی لە ڕۆماندا، بە شێوەی جۆراوجۆر وێنا و گوزارشتی لێکراوە.

لە ئەدەبدا، نووسەر زۆرجار بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەسەڵات و سەرکوت و داگیرکەری دەخاتەڕوو. یەکێک لە گرنگترین ئامرازە هونەرییەکانی ئەم جۆرە گوزارشتکردنە هێمایە؛ چونکە هێما ڕێگە بە نووسەر دەدات مانا و بیرۆکەی قووڵی سیاسی، کۆمەڵایەتی و دەروونی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و چڕتر بگەیەنێت. لەم ڕوانگەیەوە، داگیرکەر دەتوانێت لە دەقی ڕۆماندا تەنیا کارەکتەرێکی دەرەکی نەبێت، بەڵکو ببێتە هێمایەک بۆ دەسەڵات، سەرکوتکردن، سڕینەوەی ناسنامە و داگیرکردنی دەروون و بیر و یادەوەریی تاک.

ڕۆمانی «داگیرکردنی تاریکی»ی بەختیار عەلی، ئەزموونی کوردانی باکووری کوردستان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەسەڵات و داگیرکەری لە چوارچێوەی ڕووداو و کارەکتەر و هێما جۆراوجۆرەکاندا دەخاتەڕوو.ئەم توێژینەوەیە، هێمای داگیرکەر لە ڕۆمانی «داگیرکردنی تاریکی»دا شیکار دەکات و ئەو ڕێگایانە دەستنیشان دەکات، کە نووسەر بەهۆیەوە وێنەی داگیرکەری و کاریگەرییەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگە دروستکردووە. هەروەها ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە ئەم هێمایانە چۆن لەگەڵ ترس، بێدەسەڵاتی، سڕینەوەی ناسنامە، قەدەغەکردنی زمان و تێکدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان پەیوەندییان هەیە.

توێژینەوەکە لە شەش بەش پێکدێت. بەشی یەکەم (پێشەکی) و بەشی دووەم (بنەماکانی توێژینەوە) چوارچێوەی گشتی، پرسیار، ئامانج و میتۆدی توێژینەوە دیاری دەکەن. بەشی سێیەم چوارچێوەی تیۆری پێشکەش دەکات و چەمکەکانی داگیرکەر، هێما و نیشانەناسی ڕوون دەکاتەوە. بەشی چوارەم نۆ دەرکەوتەی هێمای داگیرکەر لە ڕۆمانەکەدا بە شێوازی نیشانەناسانە شیکار دەکات. بەشی پێنجەم کاریگەرییە دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتوورییەکانی داگیرکەر ڕووندەکاتەوە و بەشی شەشەمیش ئەنجامەکان لەخۆ دەگرێت.

**٢- بنەماکانی توێژینەوە**

**٢-١- ناونیشان و کێشەی توێژینەوە**

ناونیشانی توێژینەوە «داگیرکەر وەک هێما لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی»دایە؛ ناونیشانەکە ئەوە دەخاتەڕوو کە داگیرکەر هێمایە و ئەم هێمایە ڕەهەندی دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتووریی هەیە.

کێشەی توێژینەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە داگیرکەر لە ڕۆمانی «داگیرکردنی تاریکی»دا یەک وێنەی ئاشکرا و یەک واتای سادە نییە، بەڵکو بە چەندین دال (دڕندە، تاریکی، نەخۆشی، سیستەم، خود، تەکنۆلۆژیا، زنجیر، چاودێری، خوێن) بەرجەستە کراوە و هەر دالێک واتایەکی جیاواز لە داگیرکەری هەڵدەگرێت. کێشەکە لەوەدایە ئەم داڵە پەرتەوازانە چۆن دەخوێندرێنەوە و چۆن لە یەک سیستەمی هێماییدا تێگەیشتنێکی یەکگرتوو بۆ داگیرکەر دروست دەکەن.

**٢-٢- پرسیارەکانی توێژینەوە**

١- داگیرکەر لە ڕۆمانی «داگیرکردنی تاریکی»دا بە چ شێوازێک وەک هێما پێکهێنراوە؟

٢- ئەو دالانە (Signifiers)کامانەن کە داگیرکەریان پێ نیشان دراوەو هەر یەکێکیان چ مەدلوولێک (Signified )و چ دەلالەتێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەگەیەنێت؟

٣- ئەم هێمایە چ ڕەهەندێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری و کەلتوورییەکانی داگیرکەری دەخاتەڕوو؟

٤- ئەم هێمایانە چۆن لەگەڵ یەکتر سیستەمێکی نیشانەیی یەکگرتوو پێکدەهێنن، و کام هێما وەک دژەهێمای بەرخۆدان کار دەکەن؟

**٢-٣- ئامانجەکانی توێژینەوە**

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە خوێندنەوەیەکی نیشانەناسانە (سیمۆلۆژی)ی هێمای داگیرکەرە لە ڕۆمانی «داگیرکردنی تاریکی»ی بەختیار عەلی؛ بۆ ئەوەی دەربکەوێت نووسەر چۆن داگیرکەری لە کارەکتەرێکی دەرەکی یان هێزێکی سەربازییەوە گواستووەتەوە بۆ سیستەمێکی هێمایی فرەلایەن، کە واتا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی داگیرکەر و کاریگەرییەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگە دەگەیەنێت.

**٢-٤- گرنگی توێژینەوە**

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە هێمای داگیرکەر لە ڕۆمانێکی کوردیدا بە ڕێبازێکی نیشانەناسانە دەخوێنێتەوە و لایەنی هونەری (هێما) لەگەڵ لایەنی مێژوویی و ئایدیۆلۆژی (ئەزموونی باکووری کوردستان) پێکەوە دەبەستێتەوە. هەروەها یارمەتی خوێنەر دەدات تێبگات، کە داگیرکەری تەنیا ئەو هێزە نییە کە خاک داگیر دەکات، بەڵکو زمان، یادەوەری و ناخی مرۆڤیش دەگرێتەوە.

**٢-٥- میتۆد و چوارچێوەی تیۆری**

ئەم توێژینەوەیە پشت بە ڕێبازی پەسنی . شیکاری دەبەستێت: دەقە هێماییەکانی ڕۆمانەکە دەستنیشان دەکرێن، وەسف دەکرێن و دواتر شیکار دەکرێن. بۆ شیکردنەوەی هێماکان، توێژینەوەکە سوود لە بنەماکانی نیشانەناسی (سیمۆلۆژی) وەردەگرێت، بەتایبەتی جیاکردنەوەی دال و مەدلوول (سوسێر)، جۆرەکانی نیشانە (ئایکۆن، ئیندێکس، سیمبۆل)ی پێرس، و جیاکردنەوەی دەلالەتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و چەمکی میت (بارت). لە شوێنە پەیوەندیدارەکاندا لە بنەماکانی ڕوانگەی دەروونیش سوود وەردەگیرێت بۆ شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی داگیرکەری لەسەر کارەکتەرەکان و کۆمەڵگە.

**٣- چوارچێوەی تیۆری**

**٣-١- چەمکی داگیرکەر**

داگیرکەر بە واتای ئەو کەس، یان دەوڵەتە دێت، کە خاکی کەسێکی تر، یان نەتەوەیەکی دیکە داگیردەکات و دەسەڵاتی بەسەردا دەسەپێنێت. لە ئەدەبیاتی کوردییدا، داگیرکەر وەکو هێمایەک بۆ زوڵم و زۆرداری دەبینرێت. لە مێژووی کورددا، داگیرکەری بەشێکی جیانەکراوە بووە لە ژیانی گەلی کورد، بۆیە دەبینین نووسەرانی کورد گرنگییەکی زۆریان بە وێنەکێشانی داگیرکەر لە بەرهەمەکانیاندا داوە، تاوەکو بتوانن گوزارشت لەو زوڵم و زۆردارییە بکەن، کە لە لایەن داگیرکەرەوە بەرانبەر بە گەلی کورد ئەنجامدراوە.

داگیرکەر ئەو هێزە بیانییەیە، کە دەسەڵاتی سیاسی، یان سەربازی، یان ئابووری خۆی لەسەر خاکێک دادەمەزرێنێت، کە مافی سروشتی و یاسایی سەرپەرشتیکردنی نییە، بەڵکو دەیەوێت خەڵکەکەی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و کاروبارەکانیان بەپێی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی بگێڕێتەوە، بۆیە مەبەست لە داگیرکەر تەنیا ئەو هێزە سەربازییە نییە، بەڵکو هەر شێوەیەکی سەروەریی کەلتووریی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریشە ئەوانەی، کار بۆ سنووردارکردنی ئیرادەی خەڵکی داگیرکراوەکان دەکەن و لە مافەکانیان بێبەشیان دەکەن.

لە ڕۆماندا داگیرکەر تەنیا کارەکتەرێک نییە، بەڵکو بنیاتێکی هێماییە بۆ هەموو جۆرەکانی داگیرکەری. لەبەر ئەوەش زۆرجار وێنەکەی پەیوەندی بە زیندان و بەندکردن و یاساکانی چەوسانەوە و توندوتیژیی ماددیی و مەعنەوییەکانەوە هەیە. هەروەها لە ڕۆماندا کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی داگیرکەری لەسەر تاک و کۆمەڵگە دەردەکەوێت، لەڕێگای وێنەکانەوە، داگیرکەر ئەرکێکی سیمانتیکی قووڵ دەبینێت، ئەمەش وادەکات دەقەکە نمایشی وێنەیەک بکات لە نێوان هێز و



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئازادی، نێوان سەروەری و بەرگری. لە بەر ئەمەش (چەمکی داگیرکەر لەو چەمکە ناوەندییانەیە، کە بابەتەکانی داگیرکەری و ئازادکردنی نیشتیمانی دەخەنە بەر گفتوگۆ و بەشداری لە دروستکردنی دیدگایەکی هزری دەق و دیاریکردنی بۆچوونە ئایدیۆلۆژیی و مرۆییەکانی دەکات).( أبو الهيجاء، ٢٠١٢، ص ٤٥-٤٧) .

**٣-٢- هێما**

هێما ئەو ڕەهەندە و نیشانە زمانییەیە، کە پەیوەندی بە بابەت و جیهانی دەرەوەوە هەیە ((زمان لە ڕێگەی هێماوە دەتوانێت جیهانی دەرەوە و دۆخەکانی تێیدا وەسف بکات))( . Bu٢٠١١hler, :٣٨) واتا کار بۆ نواندنی شت، ڕووداو، بارودۆخ و پەیوەندییەکانی نێوانیان دەکات . هێما لە ئەدەبیاتدا دوو ئاست لەخۆدەگرێت: ((ئاستی ئاشکرا و ئاستی شاراوە. ئاستی ئاشکرا ئەو واتا ڕاستەوخۆیەیە، کە خوێنەر بە ئاسانی دەیبینێتەوە، بەڵام ئاستی شاراوە واتاکانی قووڵترن ئایدیۆلۆژیا، دەسەڵات ولایەنەکانی دیکە دروستی دەکەن))( ٢٠١٢Abrams, .٣٥٠).

هێما بە یەکێک لە تەکنیکە گرنگەکانی ئەدەب دادەنرێت، کە بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ وێنەیەک، یاخود کەسایەتییەک، یان ڕووداوێک ، کە واتای شاراوەیان هەیە قووڵتر لە واتا سەرەکییەکەی و لەسەر ئاماژە و چڕکردنەوەی مانا دامەزراوە؛ ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ نووسەر، کە بیر و دیدگاکانی بە شێوەیەکی هونەرییانە و دوور لە ئاشکراکردنی مانای ڕاستەوخۆ دەربڕێت، ئەمەش ئاسۆی پێشبینی دەقەکە زۆر فراوانتر دەکات، چونکە واتای هێمایی لە بەردەم خوێنەردا هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە و هەر خوێنەرێک بەپێی ئەزموون و کەلتووری خۆی لێی دەڕوانێت، لەبەر ئەمەش هێما وەک ئامرازێکی هونەریی و جوانیی دادەنرێت، یارمەتیدەری نووسەرە بۆ گەیاندنی ناوەڕۆکی هزری و دەروونی و کۆمەڵایەتی . ( بدوی، ١٩٧٣، ص١٥).

لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، هێما تەنیا نیشانەیەکی سادە نییە، بەڵکو ئامرازێکی هونەرییە بۆ گواستنەوەی مانا و بیرۆکەی قووڵ کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە دەقەکەدا ناگوترێت. هێما لە ڕۆماندا دەتوانێت هەست و دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتیی کارەکتەرەکان بخاتەڕوو و لە هەمان کاتدا دەرفەتی ئەوە بە نووسەر بدات، کە ڕەخنەی لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی هونەری دەربڕێت. لەم بارەیەوە (جەخت لەوە کراوەتەوە، کە هێما یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی ڕۆماننووس بۆ پەیوەندیکردن، کاریگەرییکردن و دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی ڕۆمان). (عمرة و وقاد، ٢٠٢١، ص. ٢٦٣٣–٢٦٥٣). بۆیە هێمای داگیرکەر لە دەقی ئەدەبی، بە تایبەتی لە ڕۆماندا بۆ پیشاندانی کۆمەڵگەیەکی سەرکوتکەر، نادادپەروەر و بێبەش لە ئازادی و مافە مرۆییەکان بەکاردێت. ئەم هێمایە ئامرازێکە بۆ ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی ڕەها، چاودێری، سانسۆر، توندوتیژی و دۆخی دابڕانی مرۆڤ لە ناسنامە و بەها مرۆییەکانی و هەروەها هۆکارێکە بۆ ئاگادارکردنەوەی خوێنەر لە مەترسییەکانی کۆمەڵگە ( ١٩٩٤Booker, :١٩)) هێما یارمەتی نووسەر دەدات بیرۆکە و ڕەخنەکانی خۆی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بگەیەنێت.

ئەم هێمایانە زۆرجار وەک نیشانەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری، چاودێری بەردەوام، سانسۆر، کوشتنی ئازادی، شەڕ، وێرانکاری، هەژاری، ژینگەی پیسبوو، تەکنەلۆژیی بەدەسەڵات و دابڕانی تاک لە ناسنامە و بەها مرۆییەکانی دەردەکەون. لە ڕێگەی ئەم هێمایانەوە نووسەر دۆخێکی خەیاڵی، بەڵام نزیک لە ڕاستی دروست دەکات، بۆ ئەوەی خوێنەر هۆشیاربکاتەوە لە ئەنجامەکانی دەسەڵاتی بێسنوور، بێدادی و دارمانی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان ( ١٩٩٤Booker,))

بۆیە هێما تەنیا بۆ جوانکاری دەق بەکارنایەت، بەڵکو ئەرکێکی ڕەخنەیی و هۆشیارکەرەوەی هەیە. نووسەر بەهۆی هێماکانەوە ترس و نیگەرانییەکانی مرۆڤی سەردەم دەخاتەڕوو و پەیوەندی نێوان ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگە نیشاندەدات. بۆ نموونە، شاری وێران، دیوار، زیندان، کامێرای چاودێری، ماسک، تاریکی، ئاگر، خوێن، نەخۆشییە بڵاوبووەکان، یان ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، هەموویان دەتوانن هێمای نەهامەتی و ئازاربن، بۆیە لە ڕۆماندا واتای هێما تەنیا لە شتێکی دیاریکراودا نییە، بەڵکو لە

پەیوەندیی نێوان ڕووداو، کەسایەتی، شوێن و زمانی گێڕانەوە دروست دەبێت. لەبەر ئەوە هێما یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی دروستکردنی ڕەخنەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری و یارمەتی خوێنەر دەدات پەی بە واتا شاراوەکانی دەق ببات و ئامانجی ڕاستەقینەی نووسەر بپێکێت.

**٣-٣- نیشانەناسی و ئامرازەکانی شیکاری**

نیشانەناسی (سیمۆلۆژی) زانستی خوێندنەوەی نیشانەکان و چۆنیەتیی دروستبوونی واتایە لە ناو سیستەمێکی نیشانەییدا. توێژینەوەکە لەم بوارەدا سوود لە سێ چەمکی سەرەکی وەردەگرێت:

**١- دال و مەدلوول (سوسێر):** نیشانە لە دوو بەش پێکدێت؛ دال (Signifier) کە شێوە و وشەی دیاریی دەقەکەیە و مەدلوول (Signified )، کە ئەو چەمک و واتایەیە دالەکە ئاماژەی بۆ دەکات؛ پەیوەندیی نێوانیان لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییە ((Saussure, ١٩٨٣)). لێرەدا وشەی وەک «تاریکی» یان «دڕندە» دالن و واتای «داگیرکەر» مەدلووله.

**٢- جۆرەکانی نیشانە (پێرس):** نیشانە دەبێت ئایکۆن (Icon )بێت کە لەسەر هاوشێوەیی دامەزراوە، ئیندێکس (Index )، کە لەسەر پەیوەندیی هۆکار و دەرئەنجام یان نزیکی دامەزراوە، یان سیمبۆل (Symbol )، کە لەسەر ڕێککەوتنی کەلتووری دامەزراوە ( Peirce, ١٩٣١–١٩٥٨; Chandler, ٢٠٠٧).(

**٣- دەلالەتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و میت (بارت):** دەلالەتی ڕاستەوخۆ: واتا ئاشکراکەی نیشانەیە و دەلالەتی ناڕاستەوخۆ : ئەو واتا کەلتووری و ئایدیۆلۆژییانەیە، کە دەخرێنە سەری. کاتێک دەلالەتێکی ناڕاستەوخۆ وەک شتێکی سروشتی و ئاسایی نیشان دەدرێت، دەبێتە «میت» و ئایدیۆلۆژیا ڕەوا دەکات) ( Barthes, ١٩٦٧, ١٩٧٢).

**٤- دەرکەوتەکانی هێمای داگیرکەر لە ڕۆمانی «داگیرکردنی تاریکی»دا**

لە ڕۆمانەکەدا نۆ دەرکەوتەی سەرەکیی هێمای داگیرکەر دەستنیشان دەکرێت. بۆ هەر یەکێکیان سەرەتا نموونە و شیکارییە ئەدەبییەکە دەخرێتەڕوو، دواتر «شیکاریی نیشانەناسانە» لە خشتەیەکی کورتدا ڕێکدەخرێت.

**٤-١- داگیرکەر وەک دڕندە**

یەکێک لە هێما باوەکان لە ڕۆمانی کوردییدا بۆ نیشاندانی داگیرکەر، وێنەکردنی داگیرکەرە وەک دڕندەیەک، کە هیچ بەزەییەکی نییە. نووسەرانی کورد سیفەتی دڕندەییان خستووەتە پاڵ داگیرکەر تاوەکو بتوانن گەورەیی ئەو ستەم و چەوساندنەوەیە بخەنەڕوو، کە لە لایەن داگیرکەرەوە ئەنجامدراوە. داگیرکەر وەک گورگێک وێنا کراوە بێ بەزەییانە پەلاماردەدات، یان وەک دڕندەیەک خوێنی گەل دەمژێت، یان وەک مار کە ژەهراوی و ترسناکە. لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا ، داگیرکەر زۆرجار بە وێنەی دڕندە و ئاژەڵی کێوی دەردەکەوێت و بێبەزەیی و توندوتیژییەکی ڕەهای هەیە. نموونەی یەکەم لە قسەکانی (تاریق ئاکانسو) دا دەردەکەوێت و بە دەوروبەرەکەی دەڵێت : ***((ئەو هەرێمەی ئێمە بۆی هاتووین پڕیتی لە گیانداری دڕندە، هەندێکیان ئاژەڵی کێوین و هەندێکیان ئینسانی کێوی. بە هەر لایەکی ئەم سەرزەمینەدا بڕۆین، بەر ئەو شتە کێوی و ڕامنەکراو و وەحشییانە دەکەوین))*** ( عەلی، ٢٠٢١، ل ٩٨). لە نموونەیەکی دیکەدا، جێگری ئەمیر ئەمیرهان بە ئاشکرا کوردەکان بە ئاژەڵمرۆ ناو دەبات و دەڵێت: ***((ئێمە لێرە وەک ئاژەڵ سەیری کەس ناکەین، بەڵکو وەک ئاژەڵمرۆ سەیریاندەکەین... پلەیەکە دەوڵەت خەڵکی ئەم ناوەی تێدا هێشتۆتەوە، نە دەهێڵین چێژ لە لەزەتەکانی دونیای ئاژەڵان ببینن و نە دەهێڵین چێژ لە مرۆڤ بوون ببینن))*** (عەلی، ٢٠٢١، ل ٢٩٧). ئەم هێمایە ڕاستەوخۆ چەمکی هێمای داگیرکەری دەگەیەنێت، چونکە دڕندەبوون لێرەدا نیشانەی کۆتاییهاتنی بەها مرۆییەکانی داگیرکەرە. دڕندەکە هێمایە بۆ دەسەڵاتێکی سەرکوتکەر، کە پەیوەندی بە مرۆڤایەتییەوە نییە و تەنیا لەسەر بنەمای هێز و خوێنمژی دەوەستێت، هەروەها نیشانەی ئەو ڕەگەزپەرستییەیە، کە کورد بە مرۆڤی پلە دووەم دادەنێت.

کەواتە وێنەکردنی داگیرکەر وەک دڕندە لە ڕۆماندا تەنیا وەسفکردنی توندوتیژیی کارەکتەرەکان نییە؛ بەڵکو شێوازێکە بۆ نیشاندانی ئەوەی، کە دەسەڵات چۆن خۆی لە ئاستی مرۆڤایەتی دادەبڕێت. کاتێک تاریق ئاکانسو کوردەکان بە «ئاژەڵ» و «مرۆڤی کێوی» ناودەبات، زمان لە ئاستی پەیوەندیی ئاسایی دەردەچێت و دەبێتە ئامرازی کەمکردنەوەی بەهای مرۆڤ. ئەمە واتای ئەوەیە، کە هێمای دڕندە دوو لایەنی هەیە: لایەنی یەکەم، خۆی داگیرکەر بە هێز و توندوتیژیی ئاژەڵانە پیشان دەدات؛ لایەنی دووەم، دەسەڵات بە ناوزڕاندنی قوربانی هەوڵدەدات سەرکوتکردنی خۆی ڕەوابکات. بەم پێیە، هێمای دڕندە لەگەڵ هێمای «سڕینەوەی مرۆڤایەتی» و «ڕەگەزپەرستی» پەیوەندییەکی ناوخۆیی هەیە و دەبێتە بنەمایەک بۆ تێگەیشتن لە گوتاری داگیرکەر.

**شیکاریی نیشانەناسانەی هێمای «دڕندە»**

| | |
|---|---|
| **دال** | «گیانداری دڕندە»، «ئاژەڵی کێوی»، «ئینسانی کێوی»، «ئاژەڵمرۆ»؛ لە ڕووی وێنەوە گورگ و مار (وەک وێنەی باو لە ئەدەبی کوردیدا). |
| **مەدلوول** | بێبەزەیی، وەحشیگەری، نەبوونی بەها مرۆییەکان؛ هاوکات پێناسەیەک بۆ کورد وەک «مرۆڤی کەمتر». |
| **جۆری نیشانە** | سیمبۆل: واتاکەی لە ڕێککەوتنی کەلتووری (دڕندە = توندوتیژی) |
| **دەلالەتی ڕاستەوخۆ** | ئاژەڵی کێوی و ڕامنەکراو. |
| **دەلالەتی ناڕاستەوخۆ و میت** | دوو لایەنی هەیە: ئەوکەسەی بە دڕندە ناو دەبرێت (کورد) و ئەو دەسەڵاتەی ناودەبات و خۆی بە «شارستان» دەزانێت.<br>میت: «کوردی کێوی ← دەبێت ڕامبکرێت و بکرێت بە تورک»؛ ئەمەش سەرکوتکردن وەک پرۆسەی شارستانیکردن نیشان دەدات. |
| **واتاکانی داگیرکەر** | (أ) هێزێکی ڕووت و خوێنمژ.<br>(ب) گوتارێکی ڕەگەزپەرست.<br>(ج) ئامرازی ڕەواییدان بە سەرکوت.<br>(د) دەسەڵاتێک کە خۆی لە ئاستی مرۆڤایەتی دابڕیوە. |
| **دژەهێما** | نووسەر وێنەی «دڕندە» لە قوربانییەوە دەگێڕێتەوە بۆ دەسەڵات خۆی: دڕندەی ڕاستەقینە داگیرکەرە، نەک ئەوەی ناوی دەنێت. |

**٤-٢- داگیرکەر وەک شەو و تاریکی**

هێمایەکی دیکەی بەرچاو لە ڕۆمانی کوردییدا بۆ وێنەکردنی داگیرکەر، بەکارهێنانی شەو و تاریکییە. داگیرکەر وەک شەوێکی تاریک و ڕەش وێنا دەکرێت، کە ڕووناکی و ژیان لەناو دەبات. ئەم هێمایە زۆر جار لە ئەدەبی بەرخۆدان و ڕزگاریخوازی بەکاردەهێنرێت، هێمایەکە بۆ ستەم و چەوسانەوە. یەکێک لە دووبارەترین هێماکان لە ڕۆمانەکەدا، بەراوردکردنی داگیرکەرە بە تاریکی و شەو، کە هێمایەکە بۆ نەزانی، ترس، مردن و لەناوبردن. خودی ناونیشانی ڕۆمانەکە «داگیرکردنی تاریکی» خۆی هێمایەکی گەورەی ئەو جۆرە داگیرکەرییەیە. (تاریق ئاکانسو) لە قسەکانیدا دەڵێت: ***((ئەوەی ئەم لەم وڵاتە داگیریکردووە تەنیا بەشێکی زۆر بچووکە. هێشتا ڕووبەرێکی گەورەی تاریک ماوە داگیری نەکردووە، هێشتا تاریکییەکی بێسنوور و بێ قەرار ماوە... داگیرکردنی تاریکییە))*** ( عەلی، ٢٠٢١، ل ٣٣٤) . هەروەها لە باسی هاتنی (تاریق ئاکانسو) بۆ دیاربەکر، گێڕەرەوە دەڵێت : ***((دەبوو ئەم ناوچەیە پڕکەن لە ئالای دەوڵەتی تورک، تا خەڵکی تێبگەن لە ژێر ئالای چ مەملەکەتێکدا هەناسەدەدەن))*** (عەلی،٢٠٢١، ل ٧٠) . لەم چوارچێوەیەدا، تاریکی هێمای کۆنترۆڵی تەواوە، شوێنێک تێیدا تاک ناتوانێت خۆی بناسێت و دەسەڵات هەموو شوێنێک دادەپۆشێت. داگیرکەری وەک پرۆژەیەک بۆ

ڕیشەکێشکردنی هەر شتێکی ڕووناک و زیندوو دەردەکەوێت . کەواتە تاریکی لە ڕۆمانەکەدا هێمایەکی ناوەندییە، چونکە تاریکی دۆخێک دروست دەکات تێیدا سنووری نێوان ڕوون و شاراوە، ئازادی و کۆنترۆڵ، هیوا و نائومێدی لاواز دەبێت. پەیوەندیی ناونیشانی ڕۆمان لەگەڵ ئەم هێمایە گرنگە؛ «داگیرکردنی تاریکی» بە شێوەیەکی هێمایی ئەوە دەڵێت: داگیرکەری تەنیا داگیرکردنی شوێنێکی ڕوون نییە، بەڵکو داگیرکردنی ئەو فەزایەشە مرۆڤ تێیدا دەتوانێت بیر بکاتەوە و ناسنامەی خۆی بناسێت.

**شیکاریی نیشانەناسانەی هێمای «تاریکی»**

| | |
|---|---|
| **داڵ** | وشەی «تاریکی» و «شەو»، «ڕووبەرێکی گەورەی تاریک»، ناونیشانی ڕۆمان «داگیرکردنی تاریکی»، و دیمەنی پڕکردنی ناوچەکە بە ئاڵای دەوڵەت. |
| **مەدلوول** | نەزانی، ترس، مردن، کۆنترۆڵی تەواو، لەناوچوونی ڕووناکی و هیوا. |
| **جۆری نیشانە** | سیمبۆل (تاریکی = نەزانی و مەرگ لە کەلتووردا) لەگەڵ ئیندێکس (تاریکی نیشانەی نەمانی ڕووناکی و ئازادییە). ناونیشانی ڕۆمانەکە داڵێکی ناوەندییە. |
| **دەلالەتی ڕاستەوخۆ** | نەبوونی ڕووناکی لە شەودا. |
| **دەلالەتی ناڕاستەوخۆ و میت** | داگیرکردنی ئەو فەزایەی مرۆڤ تێیدا بیر دەکاتەوە و ناسنامەی خۆی دەناسێتەوە؛ سنووری ڕوون/شاراوە، ئازادی/کۆنترۆڵ و هیوا/نائومێدی لاواز دەبێت.<br>میت: داگیرکردن وەک شتێکی سروشتی و بێکۆتا نیشان دەدرێت. |
| **واتاکانی داگیرکەر** | (أ) ئارەزووی داگیرکردنی بێسنوور («هێشتا تاریکییەکی بێسنوور ماوە»).<br>(ب) ڕیشەکێشکردنی هەموو شتێکی ڕووناک و زیندوو.<br>(ج) کۆنترۆڵی تەواو.<br>(د) پەنهانکاری و بەردەوامیی دەسەڵات. |
| **دژەهێما** | ڕووناکی (هیوا، زانین، ئازادی) وەک پێچەوانەی داڵەکە دەمێنێتەوە و ئەو شتەیە داگیرکەر دەیەوێت لەناوی ببات. |

**٤-٣- داگیرکەر وەک پەتا و نەخۆشی**

داگیرکەر هێمایەکە بۆ پەتا و نەخۆشی، کە بە خێرایی بڵاودەبێتەوە و ژیان لەناودەبات. لە بەشێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا، داگیرکەر وەک نەخۆشی و پەتایەکی کوشندە وێناکراوە. ئەم هێمایە بە تایبەت لە نامەکەی (عەلی ئیحسان) بۆ (ئارسین) دا دەردەکەوێت: (( ***عەلی ئیحسان... لە نزیکەوە ئەو هەژارییە زۆرەی بینی کە خەڵکی ناوچە دوورەکان و خێڵە کۆچەرییەکان تێیدا دەژین، ئەو نەخۆشییە کوشندانەی بینی تووشیاندەبێت و زوو دەیانکوژێت*** ))( عەلی، ٢٠٢١، ل٥٤٥) . لە شوێنێکی تردا باسی ئەوە دەکات، کە برسێتی و نەخۆشی مەلاریا بەرۆکی دانیشتوانی گوندە کوردییەکان دەگرێت، کە هۆکارەکەی بۆ کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییەکان و چەوساندنەوەی دەسەڵات دەگەڕێتەوە. لێرەدا داگیرکەر تەنیا خەڵک ناکوژێت، بەڵکو سروشتی ناوچەکەش وێران دەکات و دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و مردن. داگیرکەر لێرەدا وەک پەتایەکە تەواوی ناوچەکە دەخنکێنێت و پرۆسەیەکی درێژخایەنە بۆ لاوازکردنی ژیانی کۆمەڵگە.

**شیکاریی نیشانەناسانەی هێمای «نەخۆشی»**

| | |
|---|---|
| **داڵ** | «پەتای کوشندە»، مەلاریا، برسێتی، هەژاری، «نەخۆشییە کوشندەکان». |
| **مەدلوول** | بڵاوبوونەوەی خێرا، لاوازکردنی جەستە، مردنی هێدی و بەرفراوان. |
| **جۆری نیشانە** | ئیندێکس (نەخۆشی دەرئەنجام و ئاسەواری پشتگوێخستن و چەوساندنەوەی دەسەڵاتە) و هاوکات سیمبۆل (داگیرکەر = پەتا). |

| | |
|---|---|
| **دەلالەتی ڕاستەوخۆ** | نەخۆشیی مەلاریا لە گوندە کوردییەکان. |
| **دەلالەتی ناڕاستەوخۆ** | دەسەڵات وەک بەرهەمهێنەری نەخۆشی؛ کۆمەڵگە وەک جەستەیەکی نەخۆش، مردن بە هۆی «زمان نەزانین و ترس لە ژەندرمە تورکەکان» . |
| **واتاکانی داگیرکەر** | (أ) کوشتنی هێدی و درێژخایەن، نەک تەنیا ڕاستەوخۆ.<br>(ب) وێرانکەری ژیان و سروشت.<br>(ج) بێخزمەتی و فەرامۆشکردن.<br>(د) لاوازکردنی توانای بەرخۆدان. |

**٤-٤- داگیرکەر وەک سیستەم**

لە ڕۆماندا داگیرکەر دەبێتە سیستەمێکی بەرفراوان و هەموو لایەنەکانی ژیان لەخۆدەگرێت. ئەم جۆرە هێمایە، لە ئەدەبی پۆست-کۆلۆنیالیستیدا زۆر باوە، ئاماژە بە قووڵبوونەوەی تێگەیشتنی نووسەرانی کورد لە چەمکی داگیرکەری دەکات. (بەختیار عەلی) لە چەندین شوێندا داگیرکەر بە شێوەی سیستەمێکی بەرفراوان وێنا دەکات، نەک تەنیا وەک سوپا ، یان حوکمەت. ئەم هێمایە لە وەسفی سیستەمی زیندان و شێتخانەکاندا زۆر بەرچاوە. (عەلی ئیحسان)، کە وەک میتێک کاردەکات، باسی سیستەمی ناردنی کوردە بێزمانەکان بۆ شێتخانەکان دەکات. ((***ئەوانەی تورکی نازانن و نایانەوێت فێربین و نایانەوێت قسەی پێبکەن دەیاننێرین بۆ شێتخانەکە... لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ هێندەمان لەوکوردانە کوشت و هێندەمان لێ سزادان ئیتر تامی نەما***)) (عەلی، ٢٠٢١، ل ٢٩٩) لەم دەقەدا، هێمایی داگیرکەر کۆمەڵێک دەلالەت و مانای قووڵ هەڵدەگرێت، بۆ نموونە سڕینەوەی ناسنامەی کورد، نەخوێندنەوەی ئەویتری کەلتووری و مێژووی، مانەوە و خۆڕاگری تاکی کورد، کە خۆی لە دەستەواژەی (نایانەوێ فێربن) دەبینێتەوە، لەلایەکی دیکەوە هەمان دەستەواژە( نایانەوی فێربین و ئەوانە تورکی نازانن) هزرێکی شۆفێزی و خۆپەرستی نەتەوەیە، جگە لەخۆی نبە هیچ شتێکی دیکە نانێت.

لە شوێنێکی دیکەدا (عەلی ئیحسان) بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکات، چۆن سیستەمی تورک بۆ ماوەی سی ساڵ هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی کوردیی داوە ((***سی ساڵە ڕۆژانە ئەفسەرە تورکەکان دەبینم بە شەق لە دەمی کوردەکان هەڵدەدەن کاتێک دەڵێن ئێمە کوردین، سی ساڵە دەبینم بە پۆستاڵ، بە قامچی، بە حەیزەران، بە گوللە، بە سێدارە ئەو ناوەیان لە بیر دەبەنەوە***))( عەلی،٢٠٢١، ل٢٥٢). لێرەدا داگیرکەر خۆی لە پشت یاسا و دامودەزگاکانی دەوڵەتدا دەشارێتەوە و وا دەکات تاک هەست بە بێدەسەڵاتی و نامۆیی بکات. داگیرکەری لە ڕێگەی تاکە کەسەوە ناکرێت، پێویستی بە دامەزراوە و یاسا و میکانیزمی جێبەجێکردن هەیە. بەم شێوەیە، هێمای سیستەم لە بنەڕەتدا هێمای بەردەوامی دەسەڵاتە. ئەم وشانە لە ڕووی ڕیزبەندییەوە دەکرێت بەم شێوەیە کۆبکرێنەوە: جەستە (شەق، قامچی، حەیزەران)، هێز (پۆستاڵ، گوللە)، یاسا و مردن (سێدارە)، و هۆکار (کورد بوون). بەم شێوەیە داگیرکەر لە ئامرازەوە دەگاتە هۆکار، واتە لە توندوتیژییەوە دەگاتە ئەو ناسنامەیەی کە سەرکوت دەکرێت.

**شیکاریی نیشانەناسانەی هێمای «سیستەم»**

| | |
|---|---|
| **دال** | دامەزراوەکان (زیندان، شێتخانە، «لیژنە»)، یاسا و دەستوور، میت، ئەفسەر و سەربازەکان وەک جێبەجێکار، ڕستەی «دەیاننێرین بۆ شێتخانەکە». |
| **مەدلوول** | بەردەوامیی دەسەڵات بە سەربەخۆیی لە کەسەکان، داگیرکەر وەک ماشێنێکی کارا. |
| **جۆری نیشانە** | سیمبۆل (دامەزراوە و یاسا) و ئیندێکس (سزا و فەرمان نیشانەی بوونی سیستەمن). |
| **دەلالەتی ڕاستەوخۆ** | دەوڵەت و یاسا و دامەزراوەکانی. |

| | |
|---|---|
| **دەلالەتی ناڕاستەوخۆ و میت** | داگیرکەر لە پشت یاسا و دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە خۆی دەشارێتەوە و وا دەکات تاک هەست بە بێدەسەڵاتی و نامۆیی بکات.<br>میت: «یاسا» وەک شتێکی ڕەوا و بێلایەن نیشان دەدرێت لە کاتێکدا سڕینەوەی ناسنامە ئەنجام دەدات. |
| **واتاکانی داگیرکەر** | (أ) داگیرکەر وەک دامەزراوە، نەک کەس.<br>(ب) سڕینەوەی ناسنامە.<br>(ج) نەخوێندنەوەی ئەویتری کەلتووری و مێژوویی.<br>(د) هزری شۆڤینی و خۆپەرستیی نەتەوەیی. |
| **دژەهێما** | دەستەواژەی «نایانەوێت فێربن» ئاماژەیە بۆ مانەوە و خۆڕاگریی تاکی کورد؛ هەروەها سێدارە ← شەهیدبوون و کورد بوون ← شانازی |

**٤-٥- داگیرکەر وەک خود**

لێرەدا داگیرکەر تەنیا هێزێکی دەرەکی نییە، بەڵکو بەشێک لە ناخی کارەکتەرەکان دەبێت. ئەم هێمایە لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە زۆر بەهێزە، چونکە نیشاندەری دیاردەی ناخیکردنی داگیرکەرییە. بۆ نموونە لە باسکردنی هەستی (عەلی ئیحسان) بەرانبەر باوکیدا دەڵێت : ((***عەلی ئیحسان کە لە ژوورە بچووک و سادەکەی خۆیدا... باوکی تەنیا وەک فەرمانبەرێکی دەوڵەت لەگەڵی ڕەفتاریکردبوو، نا ئەوە لەوە زیاتر ڕۆیشتبوو، هەر خودی دەوڵەت بوو و لە شێوەی پیاوێکدا بەرجەستە بووبوو***)) (بەختیار عەلی، ٢٠٢١، ل ٣٦٧). هەروەها (زەکی ڕەزا باکلان) کە وەک میتێکی بەرپرس کاریدەکرد، دوای ئاشکرابوونی ناسنامەکەی بە (عەلی ئیحسان) دەڵێت : ((***من لە تورکەکان تورکترم... بەڵام ڕاستی من بۆیە خۆم نزم نزم سەیردەکەم چونکە خۆم بە شتێک دەزانم ئەوە نیم***)) (عەلی، ٢٠٢١، ل ٢٥٨). ئەم هێمایانە ئاماژەن بۆ ئەوەی داگیرکەری تەنیا دەستبەسەرداگرتنی خاک نییە، بەڵکو داگیرکردنی دەروون و هۆش و یادەوەری تاکە، کە قورسترین جۆری داگیرکردنە. ئەم هێمایە ڕوونیدەکاتەوە سەرکوتکردن تەنیا بە زیندان و سزا ئەنجام نادرێت، بەڵکو دەتوانێت ببێتە بەشێک لە ناسنامە و ناخی تاک.

**شیکاریی نیشانەناسانەی هێمای «خود»**

| | |
|---|---|
| **دال** | «هەر خودی دەوڵەت بوو و لە شێوەی پیاوێکدا بەرجەستە بووبوو» (باوکی عەلی ئیحسان)؛ دانپێدانانی زەکی ڕەزا باکلان: «من لە تورکەکان تورکترم... خۆم نزم سەیردەکەم». |
| **مەدلوول** | ناخیکردنی داگیرکەری؛ داگیرکردنی هۆش و یادەوەری؛ تێکچوونی سنووری نێوان داگیرکەر و قوربانی. |
| **جۆری نیشانە** | ئیندێکس (ڕەفتار و دانپێدانان نیشانەی ناخیکردنی دەسەڵاتن) و ئیستعارە (باوک = دەوڵەت). |
| **دەلالەتی ڕاستەوخۆ** | باوکێک و فەرمانبەرێکی دەوڵەت و کەسێکی میت. |
| **دەلالەتی ناڕاستەوخۆ** | دەوڵەت لەناو خێزان و ناخی تاکدا؛ ناسنامەی دووفاق و هەستی کەمی، خۆبینین بە چاوی داگیرکەر. |

| واتاکانی داگیرکەر | (أ) قورسترین و قووڵترین جۆری داگیرکردن.<br>(ب) داگیرکەر وەک هۆشێک کە قوربانی بەهۆیەوە بیر دەکاتەوە.<br>(ج) تێکدانی سنووری قوربانی/داگیرکەر.<br>(د) سەرکوتێک کە بەبێ زیندان و سزا بەردەوام دەبێت. |
|---|---|

**٤-٦- داگیرکەر وەک تەکنۆلۆژیا**

داگیرکەر وەک تەکنۆلۆژیایەکی نوێ و پێشکەوتوو نیشاندەدرێت، کە کۆنترۆڵی مرۆڤی کورد دەکات، لە تەواوی ڕۆمانەکەدا ئامێرە مۆدێرنەکانی وێنەگرتن و تۆمارکردن و چاودێری وەک ئامرازی داگیرکەری دەردەکەون. لە ڕووداوی کوشتنی (عەلی ئیحسان) دوای مردنی، چەندین وێنەی لەگەڵ تەرمەکەدا دەگیرێت . گێڕەرەوە دەڵێت : (( ***پیاوەکەی یاوەریان کامیرایەکی لە کیفەکەی شانی دەرهێنا... دیدەم کە بە دەگمەن خەندەی دەگرت، خەندەیەکی گەورە کەوتە سەر لێوی و قژی خۆی چاککرد و سەری عەلی ئیحسانی لە قژەوە گرت و بەرزیکردەوە و گووتی ئێستا بیگرە***))( عەلی، ٢٠٢١، ل ٦٨٨، ٦٨٩).. هەروەها لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا، تەکنیکی چاودێری و کامێرا وەک بەشێک لە سیستەمی میت و چەوساندنەوە باسکراوە. بۆیە لێرەدا تەکنەلۆژیا وەک هێمای داگیرکەری دەردەکەوێت و سنووری تایبەتی مرۆڤ دەشکێنێت و هەموو شتێک دەکاتە بەشێک لە چاودێری گشتی. تەنانەت دوای مردنیش، تەرمی قوربانیان وەک نیشانەی شکست و هێز بەکاردەهێنرێت، ئەمەش نموونەیەکی تەواوی هێمای داگیرکەری تەکنۆلۆژیایە.

**شیکاریی نیشانەناسانەی هێمای «تەکنۆلۆژیا»**

| | |
|---|---|
| **دال** | کامێرا، وێنەگرتن، تۆمارکردن؛ دیمەنی وێنەگرتن لەگەڵ تەرمی عەلی ئیحسان. |
| **مەدلوول** | چاوی دەسەڵات؛ دەستڕاگەیشتن بە جەستە و ژیانی تایبەتی؛ بەکارهێنانی تەرم وەک نیشانەی سەرکەوتن. |
| **جۆری نیشانە** | ئایکۆن (وێنە هاوشێوەی ڕاستییە) و ئیندێکس (وێنە ئاسەواری ڕووداوە و بەڵگەی بوونی دەسەڵاتە). |
| **دەلالەتی ڕاستەوخۆ** | ئامێری وێنەگرتن و تۆمارکردن. |
| **دەلالەتی ناڕاستەوخۆ** | ئامرازێکی بێلایەن بە کۆنتێکستی بەکارهێنانی دەبێتە ئامرازی شکاندنی سنووری تایبەتی و نیشانەی هێز و شکست. |
| **واتاکانی داگیرکەر** | (أ) داگیرکەر وەک «چاو»ی بەرفراوان.<br>(ب) داگیرکەر کە تەنانەت دوای مردنیش لەگەڵ جەستەی قوربانی بەردەوامە.<br>(ج) مۆدێرنبوونی ئامرازەکانی داگیرکەری.<br>(د) تۆمارکردنی شکست بۆ قوربانی و هێز بۆ دەسەڵات. |

**٤-٧- داگیرکەر وەک زنجیر و بەندکردن**

ئەم هێمایە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەسەڵاتی داگیرکەر و سیستەمی زیندانەوە هەیە، تێیدا دەسەڵاتی تورک کوردەکان وەک بەندکراو و دیل سەیر دەکات و لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دادەبڕێت. زیندانی دیاربەکر بووە بە دۆزەخی سەرزەوی، هەر شتێک شایەنی ژیان و بەردەوامییە دەوڵەتی تورک دەیەوێت لێرە لە ناوبەرێت. لە زاری گێڕەرەوە هاتووە : (( ***لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ هێندەمان لەو کوردانە کوشت و هێندەمان لێ سزادان ئێتر تامی نەما***))( عەلی، ٢٠٢١، ل٢٩٩) . زنجیر و زیندان لە ئاستی ڕاستەوخۆدا هێمای لەبەندکردنی جەستەن، بەڵام لە ئاستی هێمایی مانایان

فراوانترە زیندان دەتوانێت هێمای کۆمەڵگەیەک بێت، کە سنووری جوڵە و هەڵبژاردنی تاکی تێدا دیاریکراوە.

**شیکاریی نیشانەناسانەی هێمای «زنجیر و بەندکردن»**

| | |
|---|---|
| **دال** | «زنجیر»، «زیندانی دیاریەکر» وەک «دۆزەخی سەرزەوی»، «سزادان». |
| **مەدلوول** | لەبەندکردنی جەستە؛ سنووردارکردنی جوڵە و هەڵبژاردن، ترس و بێدەسەڵاتی. |
| **جۆری نیشانە** | سیمبۆل (کەلتووری) و خوازەی گشتگیر (کۆمەڵگە = زیندان). |
| **دەلالەتی ڕاستەوخۆ** | ئامرازی بەستنەوە و شوێنی سزادان. |
| **دەلالەتی ناڕاستەوخۆ** | کۆمەڵگەیەک کە سنووری جوڵەی تاکی تێدا دیاریکراوە؛ زنجیر لە جەستەوە دەگوازرێتەوە بۆ دەروون، واتە تاک لە دەرەوە ئازادە و لە ناخی خۆیدا بەندکراوە. |
| **واتاکانی داگیرکەر** | (أ) داگیرکەر وەک بەرهەمهێنەری ترس و بێدەسەڵاتی.<br>(ب) دابڕینی کورد لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی.<br>(ج) لەناوبردنی هەرچی شایەنی ژیانە.<br>(د) بەندکردنی ناوەکی. |

**٤-٨- داگیرکەر وەک چاودێری بەردەوام**

چاودێریکردنی بەردەوام و سیخوڕی لە نێو کۆمەڵگەدا وا لە خەڵک دەکات لە یەکتر بترسن و متمانە نەمێنێت. لە (داگیرکردنی تاریکی)دا بەشێک لە چاودێریکردن لە ڕێگەی دامەزراندنی یاسای زمانەوانییەوەیە، تاریق ئاکانسو وەک بەڕێوبەری "لیژنەی ئەمنیەتی زمانەوانی" کار دەکات بۆ ((***پاککردنەوەی زمانی تورکییەوە لە هەموو وشەگەلێکی بێگانە تا وڵاتێک دروست بکات ڕەگەزێکی سافی تورک تێیدا نیشتەجێ بێت***))( عەلی، ٢٠٢١، ل٣٣). ئەمەش چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی زمانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەک ئامرازی داگیرکەری. بۆیە لەم ڕۆمانەدا چاودێری هێمایەکی گرنگی کۆنترۆڵە، بەم شێوەیە، دەسەڵات بەبێ ئەوەی هەمیشە بە هێزی جەستەیی بەکاربهێنێت، دەتوانێت لە ڕێگەی ترسەوە کۆنترۆڵ دروستبکات.

**شیکاریی نیشانەناسانەی هێمای «چاودێریی بەردەوام»**

| | |
|---|---|
| **دال** | «لیژنەی ئەمنیەتی زمانەوانی»، «پاککردنەوەی زمانی تورکی لە هەموو وشەگەلێکی بێگانە» (ل ٣٣)، سیخوڕی، ترسی بینراوبوون. |
| **مەدلوول** | کۆنترۆڵ، بێمتمانەیی، خۆکۆنترۆڵکردن؛ زمان وەک مەیدانی دەسەڵات. |
| **جۆری نیشانە** | ئیندێکس (لیژنەکە و چاودێری نیشانەی بوونی دەسەڵاتی چاودێرن) و سیمبۆل («چاوی دەسەڵات»). |
| **دەلالەتی ڕاستەوخۆ** | لیژنە و ڕێکارە ئیدارییەکان. |
| **دەلالەتی ناڕاستەوخۆ و میت** | تاک هەمیشە هەست دەکات دەبینرێت و لێی دەپرسرێتەوە؛ ترس دەبێتە ئامرازی خۆکۆنترۆڵ.<br>میت: «ڕەگەزێکی سافی تورک» پاکیی ڕەگەزی وەک ئامانجێکی سروشتی نیشان دەدات. |
| **واتاکانی داگیرکەر** | (أ) کۆنترۆڵی زمان وەک ئامرازی داگیرکردن.<br>(ب) شکاندنی متمانەی کۆمەڵایەتی.<br>(ج) دەسەڵات بەبێ بەکارهێنانی هێزی جەستەیی.<br>(د) پرۆژەی پاکیی ڕەگەزی. |



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

| | |
|---|---|
| دژەهێما | زمانی کوردی لە ڕۆمانەکەدا هەم ئامرازی سڕینەوەیە و هەم سەرچاوەی بەرخۆدان. |

**٤-٩- داگیرکەر وەک مەرگ و خوێن**

ئەم هێمایە پەیوەندی بە کوشتن و خوێنڕشتن و دەسەڵاتی داگیرکەرەوە هەیە، کە تێیدا داگیرکەر خوێنی گەلی داگیرکراو وەک ئاو دادەنێت و بەبێ هیچ بەزەییەک کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدات. ((***مستەفا بە پیاوەکانت بڵێ بکوژن، بێ ئەوەی حیساب بکەن. با کەس کوژراوەکان نەژمێرێت، بێ حیساب پاکیان بکەنەوە***))( عەلی، ٢٠٢١، ل٦٦٦) . مەرگ و خوێن لە کۆتایی زنجیرەی توندوتیژیی داگیرکەری دێن. ئەگەر هێمای دڕندە و تاریکی سەرەتای گوتاری ترس بن، خوێن دەرئەنجامی ئەو گوتارەیە. خوێن لە ڕۆماندا نیشانەی ئەوەیە جەستەی مرۆڤ بووەتە مەیدانی جێبەجێکردنی دەسەڵات. بەم پێیە، مەرگ تەنیا کۆتاییی ژیانی تاک نییە؛ بەڵکو نیشانەی شکستی سیستەمی داگیرکەری لە پاراستنی بەهای ژیانە و لە هەمان کاتدا نیشانەی قوربانیکردنی جەستەی مرۆڤ بۆ بەردەوامکردنی دەسەڵاتە.

**شیکاریی نیشانەناسانەی هێمای «مەرگ و خوێن»**

| | |
|---|---|
| دال | فەرمانی «بێ حیساب بکوژن... بێ حیساب پاکیان بکەنەوە» خوێن، کۆمەڵکوژی. |
| مەدلوول | بێبەهابوونی ژیان؛ لەناوبردنی بەرفراوان؛ سڕینەوەی قوربانیان بەبێ ژمارە و ناو. |
| جۆری نیشانە | ئیندێکس (خوێن ئاسەواری توندوتیژییە) و سیمبۆل (مەرگ). |
| دەلالەتی ڕاستەوخۆ | کوشتن و ڕژانی خوێن. |
| دەلالەتی ناڕاستەوخۆ | وشەی «پاککردنەوە» بۆ کوشتن بەکارهاتووە و هەمان بنەمای وشەیی («پاککردنەوە»/«ڕەگەزی ساف») دووبارە دەکاتەوە کە لە هێمای چاودێریدا بۆ زمان هاتبوو؛ واتە پاککردنەوەی زمان و پاککردنەوەی خەڵک لە یەک لۆژیکدان. «با کەس کوژراوەکان نەژمێرێت» واتە نەهێشتنی ناو و مێژووی قوربانی. |
| واتاکانی داگیرکەر | (أ) کۆتایی زنجیرەی توندوتیژی.<br>(ب) جەستە وەک مەیدانی جێبەجێکردنی دەسەڵات.<br>(ج) شکستی سیستەم لە پاراستنی بەهای ژیان.<br>(د) قوربانیکردنی جەستەی مرۆڤ بۆ بەردەوامکردنی دەسەڵات. |

**٤-١٠- سیستەمی هێمایی: پەیوەندی نێوان هێماکان**

کاتێک نۆ هێماکە پێکەوە دەخوێندرێنەوە، دەردەکەوێت کە دابڕاو نین و سێ ئاست پێکدێنن: ئاستی گوتار و بیرکردنەوە (دڕندە، ناوزڕاندن، ڕەگەزپەرستی)؛ ئاستی فەزا و جەستە (تاریکی، نەخۆشی، زنجیر و زیندان، مەرگ و خوێن)؛ و ئاستی دامەزراوە و ناخ (سیستەم، خود، تەکنۆلۆژیا، چاودێریی بەردەوام). ئەگەر دڕندە و تاریکی سەرەتای گوتاری ترس بن، خوێن دەرئەنجامی ئەو گوتارەیە؛ سیستەم و چاودێری ئەو گوتارە بەردەوام دەکەن و خود بۆ ناخی تاکی دەگوازێتەوە. خشتەی خوارەوە کۆی واتاکانی داگیرکەر لە هەر هێمایەکدا کورت دەکاتەوە:

| هێما | واتای سەرەکیی داگیرکەر | ڕەهەندی زاڵ | ئەرکی نیشانەیی |
|---|---|---|---|
| دڕندە | هێزی بێبەزەیی و ڕەگەزپەرست | ڕەگەزپەرستی، سیاسی | ناوزڕاندنی قوربانی و ڕەواییدان بە سەرکوت. |
| تاریکی | کۆنترۆڵی تەواو و داگیرکردنی بێسنوور | دەروونی، سیاسی | هێمای ناوەندی و ناونیشانی ڕۆمان؛ بنەمای سیستەمی هێمایی. |

| هێما | واتای سەرەکیی داگیرکەر | ڕەهەندی زاڵ | ئەرکی نیشانەیی |
|---|---|---|---|
| **نەخۆشی** | وێرانکاریی هێدی و درێژخایەن | ئابووری، کۆمەڵایەتی | نیشاندانی کاریگەری لەسەر جەستەی کۆمەڵگە. |
| **سیستەم** | دامەزراوە و یاسا و بەردەوامیی دەسەڵات | سیاسی، کەلتووری | بەردەوامیی داگیرکەری دوای گۆڕانی کەسەکان. |
| **خود** | ناخیکردنی داگیرکەری | دەروونی | گواستنەوەی داگیرکەری لە دەرەوە بۆ ناخ. |
| **تەکنۆلۆژیا** | چاوی دەسەڵات و ئامرازی مۆدێرن | سیاسی، دەروونی | فراوانکردنی دەستڕاگەیشتنی دەسەڵات بۆ جەستە و ژیانی تایبەتی. |
| **زنجیر و زیندان** | بەندکردنی جەستە و دەروون | سیاسی، دەروونی | بەرهەمهێنانی ترس و بێدەسەڵاتی. |
| **چاودێریی بەردەوام** | کۆنترۆڵی زمان و ترس | کەلتووری، کۆمەڵایەتی | خۆکۆنترۆڵکردن و شکاندنی متمانە. |
| **مەرگ و خوێن** | لەناوبردنی بەرفراوان | سیاسی، کۆمەڵایەتی | کۆتایی زنجیرەی توندوتیژی. |

## ٥- کاریگەرییەکانی هێمای داگیرکەر لە ڕۆمانی «داگیرکردنی تاریکی»دا

### ٥-١- کاریگەریی دەروونی

بریتییە لەو گۆڕانکارییانەی کە لە هەست، بیرکردنەوە، ڕەفتار و دۆخی دەروونی تاک دروست دەبن لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووداوە ناخۆشەکان، یان بارودۆخە پڕ لە گوشارەکان. لە ڕۆماندا، داگیرکەر تەنیا هێزی سەربازی یان سیاسی نییە، بەڵکو وەک هێمایەکی سەرەکیی ترس، چەوساندنەوە و لەناوبردنی ئازادیی تاک دەردەکەوێت. ئەم بارودۆخەش کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر کارەکتەرەکان دروستدەکات، وەک بڵاوبوونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ، هەستکردن بە بێدەسەڵاتی، دڵتەنگی، نارەحەتی دەروونی، نائومێدی و لەدەستدانی هیوای داهاتوو. بەم شێوەیە، داگیرکەر وەک هێما تەنیا سنووری جوگرافی ناگۆڕێت، بەڵکو ناخ و هۆشی تاکیش داگیردەکات و کاریگەرییەکی بەردەوام لەسەر ژیانی دەروونی تاک و کۆمەڵگە جێدەهێڵێت. داگیرکەر لە ڕۆمانەکەدا زیاتر لە شێوەی ترس، دڵەڕاوکێ، نائومێدی و بێدەسەڵاتی دەردەکەوێت. ئەم دۆخە دەروونییە لە زۆربەی کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەدا، بەتایبەت جەوهەر سیزار و عەلی ئیحساندا دەردەکەوێت، کە ئازاری نەهێشتنی زمان و کولتور و ناسنامە، وایان لێدەکات بەم بۆشاییە دەروونییەدا تێپەڕن.

نموونەی بەرچاو خۆکوشتنی (جەوهەر سیزار) ە کە لە ئەنجامی سووتانی دەستنووسە کوردییەکان و نائومێدی لە داهاتووی زمانەکەدا، خۆی دەخنکێنێت. دەڵێت : ((***خەمێکی قووڵ و تێکشکانێکی گەورەیان پێوە دیار بوو... لە پیاوێک دەچوو شەرێکی گەورەی دۆڕاندبێت... چاوەکانی پڕ بوونەوە لە ئەشکی بێدەسەڵاتی و پەشیمانی***)) (عەلی، ٢٠٢١، ل ٤٤٧-٤٤٨).

(جەوهەر سیزار) ساڵانێکی زۆر بەشێک لە دەستنووسە کوردییەکان و تۆمارە دەنگییەکانی شێخ (سەعیدی پیران) ی پاراستبوو، بۆ ئەوەی بەشێک لە مێژووی کوردانی باکوور بداتە دەستی نەوەی تازە پێگەیشتوو، بەڵام بە هۆی هێرشی تورکە ڕەگەزپەرستەکان بۆ سەر گیان وماڵی یۆنانییەکان هەرچی پاراستبوو دەسووتێت. ئەو هەواڵە جەرگبڕە (جەوهەر سیزار) تووشی ڕەشبینییەکی دەروونی تەواو دەکات و دواجاریش بە هۆی ئەو بارە دەروونییە نالەبارەیەوە، کە ناتوانێ بەرگەی ئازاری سووتانی دەستنووسەکان بگرێت، خۆی هەڵدەداتە نێو ئاوی بسفۆرەوە و دەخنکێت. لە نامەیەکی (دلۆخان) بۆ (ئارسین) باسی هۆکاری ڕەشبینییەکەی باوکی دەکات و بگێڕەوە بەم شێوەیە نامەکە دەخاتەڕوو: ((***ئەو***

***ئەرشیفەی دەبوو بیپارێزێت لە دەستچووبوو. لەوانەش بترازێت تا دەهات کوردەکان بە لاوازی وبێباکیان نائومێدیان دەکرد کچ و کوڕی زۆر لە کوردەکانی ئەستەنبولی دەبینی وشەیەک کوردی نازانن. هەستی بەوە کردبوو خۆی و نەتەوەکەی شکستێکی گەورەیان هێناوە و دەبێت وەک جەنگاوەرێکی تێکشکاو درۆ لەگەڵ خۆیدا نەکات و بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت))***(عەلی، ٢٠٢١، ل٥١٤) . ئەو داگیرکەرییە هۆکاربوو بۆ ئەوەی بە تەواوەتی نائومێد و ڕەشبین بێت. پاش ئەوەی هەموو ئاوات و هیواکانی زیندەبەچاڵ دەکرێن و تروسکاییەک بۆ ژیاندۆستی نامێنێت و هەرچی ئومێدی هەبوو دەخنکێنرێت. بۆیە لەگەڵ خۆیدا خەمی نەتەوەیەک هەڵدەداتە قووڵایی دەریاوە و بۆ دواجار وەک جەنگاوەرێکی ڕەشبین و مایەپووچ لە نێو ئاوی بسفۆردا دەخنکێت.

**واتای داگیرکەر لێرەدا:** سەرچاوەی ترس، دڵەڕاوکێ و نائومێدی، هێزێک، کە بە لەناوبردنی زمان، دەستنووس و یادەوەری ناخی تاک دەشکێنێت و ئاسۆی هیوا دادەخات.

**٥-٢- کاریگەریی کۆمەڵایەتی**

بریتییە لەو گۆڕانکاری و کاردانەوانەی کە دیاردەیەک، یان کردارێک لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگە، پەیوەندییە مرۆییەکان، ناسنامەی تاک و گرووپ، هەروەها لەسەر بەها، نەریت و شێوازی ژیان دروست دەکات. لە ڕۆمانەکەدا، کاریگەریی کۆمەڵایەتی بە شێوەی ئەو گۆڕانکارییانە دەردەکەوێت، کە کارەکتەرەکان و کۆمەڵگە لە ئەنجامی ڕووداوەکان یان هێزە دەسەڵاتدارەکان تێیدا تێدەپەڕن. کاتێک داگیرکەر وەک هێما پیشان دەدرێت، کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی لە ڕووخانی هاوسەنگی کۆمەڵگە، ترس، ئاوارەیی، لەناوچوونی متمانەی نێوان تاکەکان، سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی دێتەئاراوە. لە ڕۆمانی عێراق و ئەدەبیاتی ناوچەکەشدا هێما زۆرجار دەبێتە ئامرازێک بۆ گوزارشتکردن لە بارودۆخە ئاڵۆزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. کاتێک واقیعێک پڕ دەبێت لە توندوتیژی، کوشتن، ترس و تێکچوونی بەهاکان، نووسەر دەتوانێت بە هێما ئەو واقیعە بگوازێتەوە بۆ دەق و مانای شاراوەی پێ ببەخشێت، زۆربەی(ڕۆماننووسانی عێراق هێماکانیان بۆ دەربڕینی ئەو واقیعە ئاڵۆزە بەکارهێناوە و هەندێک هێمای پێشوو بەهۆی دۆخی توندوتیژی و شەڕەوە ماناکانیان گۆڕاوە یان شێوەیان شێواوە.)(أسود، ٢٠١٩، ص. ٤٣٢–٤٤٠). داگیرکەر لە ڕۆمانەکەدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەشکێنێت، ئەویش لە ڕێگەی قەدەغەکردنی زمانی کوردییەوە، ئەو زمانەی چەندین ساڵ لە باکووری کوردستان قەدەغەکرابوو و ڕێگە نەدەدرا کوردانی باکوور بە زمانی خۆیان بدوێن، چونکە تورک پێی وابوو جگە لە زمانی تورکی هیچ زمانێکی تر لە تورکیادا نییە. (عەلی ئیحسان) وەکو وەرگێڕی زمانێکی مردوو (کوردی) ساڵانێک کار بۆ دەوڵەت دەکات.

لە دیالۆگێکدا لەگەڵ (زەکی ڕەزا باکلان ) باسی ئەو ستەمە دەکات، کە ماوەی سی ساڵە تورک لە کوردی دەکات، تەنیا لەبەر ئەوەی دەستبەرداری ناسنامەی کوردبوونی خۆیان نابن، دەستبەرداری ئەو زمانە نابن، کە پێیدەدوێن. عەلی ئیحسان دەڵێت: ((***سی ساڵە ڕۆژانە ئەفسەرە تورکەکان دەبینم بە شەق لە دەمی کوردەکان هەڵدەدەن کاتێک دەڵێن ئێمە کوردین، سی ساڵە دەبینم بە پۆستاڵ، بە قامچی، بە حەیزەران، بە گوللە، بە سێدارە ئەو ناوەیان لە بیر دەبەنەوە. سی ساڵە ئەو چاوانە دەخوێنمەوە، ئەو هەناسانەم گوێ لێ دەبێت، ئەو حەسرەتە دەبیستم لە ڕۆحیاندا پەنگ دەخواتەوە***))(عەلی،٢٠٢١،ل٢٥٢) . لە کۆبوونەوەیەکدا ( تاریق ئاکانسو) بە دەوربەرەکەی ڕادەگەیێنێت، دەبێت ناسنامەی کوردبوون لە بیری ئەم کێویانە بەرینەوە، چونکە ئەوە دەستووری کەمالیستەکانە و دەڵێت: ((***لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆل سەروکارمان لەگەڵ لقەڕەگەزێکی نزمدایە و وەزیفەی قورسی ئێمە بیانکەین بە تورک، هیچ نەبێت دەبێت نەوەکانی داهاتوو شتێکی جیاواز بن، جۆرێک لە مرۆڤبن بتوانین یاساکانی جمهورییەتیان بەسەردا بسەپێنین. بە پێی دەستوری کەمالی ئەوەی لەم وڵاتەدا لە دایک بێت تورکە، ئەمە ڕوونترین بەند و بنەمای جمهورییەتە***))(عەلی،٢٠٢١،ل٣٨) . بەڵام دواجار سەپاندنی زمانێک بەسەر نەتەوەیەکدا لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە، بە یەکجاریی سەری ( تاریق ئاکانسو) دەخوات.

**واتای داگیرکەر لێرەدا:** هێزێکی شکێنەری پەیوەندییە مرۆییەکان و متمانەیە، بە قەدەغەکردنی زمان کۆمەڵگە لە ئاخاوتن و ناسنامەی هاوبەش بێبەشدەکرێت .

**٥-٣- کاریگەریی ئابووری**

بریتییە لەو گۆڕانکارییانەی لە سیستەمی ئابووری، سەرچاوە داراییەکان، بژێوی خەڵک، و چالاکییە ئابوورییەکاندا ڕوودەدەن لە ئەنجامی ڕووداوێکی گەورە، یان دەسەڵاتێکی چەوسێنەر. لەم ڕۆمانەدا، داگیرکەر وەک هێمایەکی سەرەکیی وێرانکاری، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی ئابووریی کۆمەڵگە دروست دەکات. ئەو کاریگەرییانە لە وێرانکردنی ژێرخانە ئابوورییەکان، تاڵانکردنی سامانی سروشتی، دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکان، بەرزبوونەوەی هەژاری، بێکاری، کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی، و ناچاربوونی خەڵک بۆ کۆچ و ئاوارەبوون دەردەکەون، لێرەدا داگیرکەر هۆکارێکە بۆ وێرانکردنی بنەمای ئابووری، ژیانی تاک و کۆمەڵگە دەخاتە ناو بازنەی هەژاری، وابەستەیی و نائومێدی..لە نامەیەکی (عەلی ئیحسان) بۆ (ئارسین)ی برای دا هاتووە: ((***ئەوەی ئەم هەموو هەژاری و دەستکورتی و نەخۆشییانە ببینێت کە جووتیارەکان و خەڵکی کۆچەری لەم هەرێمانەدا تووشیدەبن، باوەڕی بە خودا و بە نەتەوە نامێنێت***)) ( عەلی، ٢٠٢١، ل ٥٤٥) . لێرەدا داگیرکەر بە هەژارکردنی خەڵک، ڕێگریان لێدەکات هەنگاوی بەرخۆدان بنێن. هەروەها باسی کورد و ئەرمەن و یۆنانییەکان دەکات، کە بە دەستی هەژارییەوە دەناڵێنن، ڕێگەیان پێنادرێت کاربکەن و زۆر بە ئەستەم کاریان دەستدەکەوێت، بۆیە ژیانێکی هەژارانە بە ڕێدەخەن. پاش ئەوەی برسێتی تەن بە گوندە کوردییەکان هەڵدەچنێ، نەخۆشی مەلاریا ڕوو لە دانیشتوانی ئەو گوندانە دەکات. (عەلی ئیحسان) لەگەڵ تیمێکی تەندروستی ڕوو لەو گوندانە دەکەن و لە گوزەرانیان تووشی شۆک دەبەن: ((***عەلی ئیحسان، چوار ساڵ لە ئیشە تازەکەیدا بەشی هەرە زۆری ناوچە دوور و گوندە دوورەکان لەگەڵ تیپەکانی مەلاریادا گەڕا، لە نزیکەوە ئەو هەژارییە زۆرەی بینی کە خەڵکی ناوچە دوورەکان و خێڵە کۆچەرییەکان تێیدا دەژین، ئەو نەخۆشییە کوشندانەی بینی تووشیاندەبێت و زوو دەیانکوژێت، دەیبینی چۆن زۆریان بە هۆی زمان نەزانین و ترسەوە لە ژەندرمە تورکەکان لە گوندەکانیاندا بێ چارەسەر دەمێننەوە و زۆر جاریش دەمرن***)) (عەلی،٢٠٢١، ل٥٤٥) . برسێتی و هەژاری لەو ناوچانەدا بووە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کوشندە، لەبەر ئەوەی لە ژێر سیستەمی دەسەڵاتێکی داگیرکەردا دەژیان، بۆیە هەژاری و پەتا زۆر بە تووندی کاریتێکردبوون و ژیانی لەبەریان سەندبوو. لە شوێنێکی تردا گێڕەوە باسی بێباکی دەوڵەت بەرانبەر بارودۆخی خراپی خەڵکی ناوچەکە دەکات و دەڵێت: ((***بێباکی دەوڵەت و فەرمانبەرەکانی ئاکانسو کارێکیان کردبوو بارودۆخی ئابووریی هەرێمەکە بە هۆی بێخزمەتی و فەرامۆشییەوە بەرەو وێرانبوو دەچوو(...) مەئمورانی دەوڵەتی تورک وەک جاران هەر بەهانەیەک هەبایە دەکەوتنە گیانی خەڵک. لەگەڵ ئەوەی دانیشتوان لە برسێتی و دەستکورتییەکی زۆریشدا دەژیان، هێشتا هەر لە هەوڵی ئەوەدابوون خۆیان لە کێشە بە دووربگرن و کارێک نەکەن بکەونە ژێر قامچی و شەقی سەرباز و پۆلیسی کەمالیستەوە***))(عەلی،٢٠٢١، ل٢٨٢) . هەرچەندە خەڵکی هەرێمە کوردییەکان زۆر برسی و هەژار بوون، بەڵام لە ترسی دەسەڵاتی داگیرکەر هەنگاویان بۆ هیچ کارێک نەدەنا.

**واتای داگیرکەر لێرەدا:** هێزێکی هەژارکەر و وێرانکەری ژێرخان؛ هەژاری، نەخۆشی و ترس بەکاردەهێنێت بۆ ڕێگری لە بەرخۆدان.

**٥-٤- کاریگەریی کەلتووری**

بریتییە لەو گۆڕانکاری و کاردانەوانەی لەسەر ناسنامەی کەلتووری، زمان، بەها، نەریت، باوەڕ، هونەر و میراتی کۆمەڵگە دروست دەبن لە ئەنجامی هێزە دەرەکی، یان گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. لێرەدا، داگیرکەر وەک هێمایەکی چەوسێنەر هەوڵدەدات ناسنامەی کەلتووریی گەلە ژێردەستەکان لاواز بکات یان بیسڕێتەوە، لە ڕێگەی سنووردارکردنی زمان، لەناوبردنی نەریت و داب، گۆڕینی مێژوو، و تێکدانی بەها و یادەوەرییە هاوبەشەکان. ئەم کردارە دەبێتە هۆی لاوازبوونی هەستی

پاراستنی میراتی نەتەوەیی، و دروستبوونی ململانێی ناسنامەیی لەنێوان تاک و کۆمەڵگە، بۆیە لەپاڵ ئەوەدا ئەدەبی بەرخۆدان دێتەئاراوە، (ئەدەبی بەرخۆدان تەنیا بەرهەمی سەردەمی نوێ نییە، بەڵکو رەگ و ڕیشەی مێژوویی هەیە و لە دەقە ئەدەبییەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر وەک شیعر، چیرۆک ، وتار ، ڕۆمان دەردەکەوێت. بەم پێیە، ئەدەب دەتوانێت بەرخۆدان لە بەرامبەر داگیرکەری تەنیا وەک کردارێکی سیاسی نەبینێت، بەڵکو وەک دیاردەیەکی کەلتووری و هێمایی بخوێنێتەوە). (الصالح وفر، ٢٠٢٢، ص. ١٤٩–١٥٥). هەر بۆیە داگیرکەر لە ڕۆماندا تەنیا خاک و سنوور داگیرناکات، بەڵکو هەوڵ دەدات مێشک، یادەوەری و ناسنامەی کەلتووریی گەلەکەش داگیربکات.

کاریگەرییە کەلتوورییەکانی داگیرکەری دەردەخات. (مامۆستا مەهدی تەرجومان) کە فێری کوردی دەکات، لە کاتی وانەوتنەوەدا بە (عەلی ئیحسان) دەڵێت: ((***زمان وەک سندوقێکی سیحراوی وایە؛ هەم ژەهر تێدایە هەم دەرمان. دەتوانیت خەڵک پڕ ژەهر بکەیت، دەتوانیت پێش دەرمانیش بکەیت***)) ( عەلی، ٢٠٢١، ل ٢٨٤). بەم شێوەیە، زمان وەک سەرچاوەی بەرخۆدان و هاوکات ئامرازی سڕینەوە دەردەکەوێت .

هەر بۆیە ڕەگەزپەرستی لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا، وەک بەشێکە لە کەلتووری نەتەوەی تورک ئاماژەی پێکراوە و بووەتە بەشێک لە داگیرکەری . بگێڕەوە لە یەکێک لە ڕووداوەکاندا وتە بەناوبانگەی (مەحموود ئەسعەد بوزکورت) دەخاتەڕوو، کە ترۆپکێکە لە ڕەگەزپەرستی. لە زاری (زەکی ڕەزا باکلان) ەوە هاتووە: ((***با هەمووان بزانن، دۆستان و دوژمنان و چیاکان : ئاغا و سەروەری ئەم عەردە تورکە. ئەوانەی تورکی ئەسڵ نین، تەنیا یەک مافیان هەیە : مافی ئەوەی کۆیلەبن***))( عەلی، ٢٠٢١، ل٢٥٣ ) ئەم وتەیە دەرخەری ئەو هزرە ڕەگەزپەرستییەیە، کە لە ناخی زۆربەی تورکەکاندا چەسپاوە. لە ڕووداوێکی تردا ڕۆماننووس هزری ڕەگەزپەرستی لای تاکی تورک بەرانبەر بە کورد دەخاتەڕوو. لە زاری (تاریق ئاکانسو و عەدنان عاریف)ەوە هاتووە: ((***ئەمانە بەرباب و ئێلەگەلێکن نە زمان و نە شارستانییەتیان نییە، ڕەوە مەخلوقێکی کێوین و دەبێت فێری تورکی بکرێن (....) خۆتان بپارێزن ئەم خەڵکانە جگە لە گەمژەیی و نەخۆشی هیچی تریان نییە پێمان ببەخشن (....) ئەمانە خۆیان چیین شتێکی ترە، خۆیان مارن، دوپشکن، پشیلەن، کەروێشکن گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە تۆ دەبێت هەمیشە وەک جانەوەر تەماشایان بکەیت***))( عەلی، ٢٠٢١، ل٣٧، ٥٣، ٧٧ ). بەم شێوەیە، کاریگەریی کەلتووریی داگیرکەری لە ڕۆماندا لە هەوڵی داگیرکەر بۆ سڕینەوە و لاوازکردنی ناسنامەی کەلتووریی گەلی ژێردەستدا دەردەکەوێت، لەم ڕۆمانەدا کاریگەریی کەلتووریی داگیرکەری وەک پرۆسەی سڕینەوە و گۆڕینی ناسنامەی کەلتووری پیشاندەدات.

**واتای داگیرکەر لێرەدا:** پرۆژەی سڕینەوە و گۆڕینی ناسنامە، نەک تەنیا خاک، بەڵکو مێشک، یادەوەری و زمانی گەل دەگرێتەوە، زمان لەم ململانێیەدا هەم ئامرازی سڕینەوەیە و هەم سەرچاوەی بەرخۆدان.

**٦- ئەنجام**

١- هێمای داگیرکەر لە ڕۆمانی «داگیرکردنی تاریکی»دا پێکهاتەیەکی فرەلایەنەی هەیە و بە نۆ هێما بەرجەستە کراوە: دڕندە، تاریکی، نەخۆشی، سیستەم، خود، تەکنۆلۆژیا، زنجیر و زیندان، چاودێریی بەردەوام، مەرگ و خوێن. هەر یەکێک لەم هێمایانە لایەنێکی تایبەتی داگیرکەری دەردەخات و پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ڕاستییە مێژووییەکانی باکووری کوردستاندا هەیە.

٢- لە ڕووی نیشانەناسییەوە، هەر دالێک (وشە و وێنەکان) مەدلوولێکی جیاواز دەگەیەنێت، بەڵام دەلالە ناڕاستەوخۆکانیان لە یەک خاڵدا کۆدەبنەوە: داگیرکەر وەک دەسەڵاتێک کە مرۆڤ، زمان، یادەوەری و ناسنامە دەسڕێتەوە.

٣- لەم ڕۆمانەدا داگیرکەر تەنیا وەک هێزێکی دەرەکی ناخرێتەڕوو، بەڵکو وەک سیستەمێکی ناخی کە لە ڕێگەی زمان، پەروەردە، چاودێری و تەکنۆلۆژیاوە ناخی تاک و کۆمەڵگە داگیردەکات.

٤- زمان و ناسنامه له ناوەندی سیستەمی هێماییەکەدان: قەدەغەکردنی زمانی کوردی، «لیژنەی ئەمنیەتی زمانەوانی» و «کورد بوون» وەک تاوانی بنەڕەتی له هەموو ئامرازەکانی داگیرکەریدا دەبینرێن.

٥- داگیرکەر کاریگەرییەکی قووڵی دەروونی (ترس، نائومێدی، بێدەسەڵاتی)، کۆمەڵایەتی (شکاندنی متمانە و پەیوەندی)، ئابووری (هەژاری و وێرانکردنی بژێوی) و کەلتووری (سڕینەوەی ناسنامە و زمان) لەسەر کارەکتەرەکان و کۆمەڵگە دروست دەکات.

٦- نووسەر له بەکارهێنانی هێمادا نەک تەنیا وێنەیەکی هونەری و خەیاڵییە، بەڵکو ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی قووڵە له دەسەڵاتی ڕەها و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و خوێنەر ئاگاداردەکاتەوە له مەترسییەکانی بێدەنگی و چەسپاندنی ڕەگەزپەرستی.

**٧- سەرچاوەکان**


**یەکەم: بە زمانی کوردی**

١- بەختیار عەلی (٢٠٢١). داگیرکردنی تاریکی. سلێمانی: چاپخانەی ئەندێشە

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

٢- أبو الهيجاء، فؤاد (٢٠١٢) الأدب المقاوم في فلسطين المحتلة. عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع.

٣- أسود، هديل نشأت. (٢٠١٩). «تشويه الرمز في الرواية العراقية». مجلة الجامعة العراقية، المجلد ٢١، العدد ٤٣، الجزء ٣.

٤- بدوي، عبد الرحمن (١٩٧٣) رمزية الأدب والفن. بيروت: دار الثقافة .

٥- الصالح، إبتهال عبد الأمير علوان، وفر، محمد جنتي. (٢٠٢٢). «نشوء أدب المقاومة الإسلامية في جنوب لبنان». مجلة الكلية الإسلامية الجامعة، العدد ٦٥، الجزء ٢.

٦- قطوس، بسام موسى (٢٠٢٦) السرد الديستوبي: المفهوم والتاريخ ومراحل التطور. مجلة أبوليوس، ١٣(١) .

٧- عمرة، مروى، ووقاد، مسعود. (٢٠٢١). «دلالة توظيف الرمز في الرواية الجزائرية الحديثة: أصابع لوليتا لواسيني الأعرج أنموذجا». مجلة علوم اللغة العربية وآدابها، المجلد ١٣، العدد ١،

**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی**

8- Abrams, M. H., & Harpham, G. (2012). *A Glossary of Literary Terms* (11th ed.). Cengage Learning.

9- Barthes, R. (1967). *Elements of Semiology* (A. Lavers & C. Smith, Trans.). London: Jonathan Cape.

10- Barthes, R. (1972). *Mythologies* (A. Lavers, Trans.). London: Jonathan Cape.

11- Booker, M. K. (1994). *The Dystopian Impulse in Modern Literature: Fiction as Social Criticism*. Westport, CT: Greenwood Press.

12- Bühler, K. (2011). *Theory of Language: The Representational Function of Language* (D. F. Goodwin, Trans.). Amsterdam: John Benjamins Publishing.

13- Chandler, D. (2007). *Semiotics: The Basics* (2nd ed.). London: Routledge.

14- Peirce, C. S. (1931–1958). *Collected Papers of Charles Sanders Peirce* (Vols. 1–8). Cambridge, MA: Harvard University Press.
15- Saussure, F. de (1983). *Course in General Linguistics* (R. Harris, Trans.). London: Duckworth.

7. Sources

First: In Kurdish
1- Bakhtiar Ali (2021). The conquest of darkness. Sulaimani: Andesha Printing House
Second: In Arabic
2- Abu al-Hija, Fouad (2012) Resistance Literature in Contested Palestine. Oman: Dar Osama Publishing and Distribution.
3- Black, settlement guide. (2019). “Confusion of Symbols in Iraqi Narrative”. Journal of the Iraqi University, Volume 21, Number 43, Part
4- Badwi, Abdul Rahman (1973) Symbolism of Literature and Art. Beirut: House of Culture.
5- Al-Saleh, Ibtal Abdul Amir Alwan, Wafr, Mohammed Janti. (2022). “The Rise of Islamic Resistance Literature in South Lebanon”. Journal of the Islamic University, No. 65, Part
6- Qatous, Bassam Musa (2026) Dystopian cold: concept, history and evolutionary stages. Abulius Magazine, 13(1)
7- Umrah, Marwi, Waqad, Massoud. (2021). “The Meaning of Symbol Decoration in Modern Algerian Narrative: The Three Lolita Llassini Al-A'raj Anmozja”. Journal of Arabic Language and Literature Sciences, Volume 13, Number 1,

Third, in English
8- Abrams, M. H., & Harpham, G. (2012). *A Glossary of Literary Terms* (11th ed.). Cengage Learning.
9- Barthes, R. (1967). *Elements of Semiology* (A. Lavers & C. Smith, Trans.). London: Jonathan Cape.
10- Barthes, R. (1972). *Mythologies* (A. Lavers, Trans.). London: Jonathan Cape.
11- Booker, M. K. (1994). *The Dystopian Impulse in Modern Literature: Fiction as Social Criticism*. Westport, CT: Greenwood Press.
12- Bühler, K. (2011). *Theory of Language: The Representational Function of Language* (D. F. Goodwin, Trans.). Amsterdam: John Benjamins Publishing.
13- Chandler, D. (2007). *Semiotics: The Basics* (2nd ed.). London: Routledge.
14- Peirce, C. S. (1931–1958). *Collected Papers of Charles Sanders Peirce* (Vols. 1–8). Cambridge, MA: Harvard University Press.
15- Saussure, F. de (1983). *Course in General Linguistics* (R. Harris, Trans.). London: Duckworth.